# Implementation of International Judgement of Arbitration within the Framework of International Agreements

Zahir Majid Qadir[1], Aram Mohammed Rasul[2]
[1] Consultative Council Regional' [2] Department of Law, Faculty of Law and Management, Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.23*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

In this research, we discuss the application of international arbitration in Iraq in accordance with international agreements, and we discuss the most important agreements ratified by Iraq, to what extent these agreements create obligations to implement international arbitration in Iraq, and we have explained their terms and conditions, the methods of implementing arbitration orders and the cases in which it is not permissible to implement arbitration orders. International in Iraq. One of the most important needs of the era of globalization is the recognition of binding international rules and work to implement them, as non-recognition conflicts with the need for international trade transactions, because it creates obstacles and hinders the development of trade and economic relations. This paper is divided into two parts, the first part discusses the regional agreements of which Iraq is a member, and the second part discusses the application of the merger rule in accordance with international agreements.

***Keywords:*** *international arbitration, Arbitration ruling, international agreements. Iraq.*

# جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

ئارام محمد ڕسول
ئەنجوومەنی شووراى هەرێم
aram.rasool@soran.edu.iq

پ. ی. د. زاهیر مەجید قادر
سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
dhahir.qadir@su.edu.krd

**پوخته**

لەم تویژینەوەیە باس لە جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی دەکەین لە عێراق بە پێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، و باس لە گرنگترین ئەو ڕێکەوتننامانەی کە عێراق پەسەندی لەسەر کردوون، تا چەند ئەو ڕێکەوتننامانە پابەندی دروست دەکەن کە حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی لە عێراق جێبەجێ بکرێت، و ئاماژەمانداوە بە مەرج و شێوازەکانی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم و ئەو حاڵەتانەی کە دەکرێ حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی لە عێراق جێبەجێنەکرێت. لە گرنگترین پێویستییەکانی سەردەمی جیهانگیری بریتییە لە دانپێدانان بە حوکمە تەحکیمییە نێودەوڵەتییەکان و کارکردن لەسەر جێبەجێکردنیان، بەو حیسابەی نکۆڵیکردنی دانپێدانان پێچەوانەیە لەگەڵ پێویستیی مامەڵە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، لەبەرئەوەی بەربەست دروست دەکات و پەرەسەندن و پێشکەوتنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان پەکدەخات. ئەم تویژینەوەیە دابەشی سەر دوو باس دەکەین، بە جۆرێک لە باسی یەکەم باس لە ڕێککەوتننامە هەرێمییەکان دەکەین، کە عێراق ئەندامە تیایدا، و لە باسی دووەم باس لە جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت.

# جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

## بەرایی

جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم، چەند ڕەهەند و سیما و نیشانەیەکی دیاریکراوی هەیە، ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی سیستەمی یاسای نیشتیمانیدا بێت، بەڵام لایەنەکانی ئەم کێشەیە ئاڵۆزن و شوێنەواری جۆراوجۆری هەیە، ئەگەر هاتوو جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم بە زیاتر لە سیستەمێکی یاسایی نیشتیمانییەوە پەیوەست بوو، لەبەرئەوەی بنەما یاساییە نیشتیمانییەکان یان ناوخۆییەکان، لە هەر دەوڵەتێکدا جیاوازە لە دەوڵەتێکی دیکە، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە مامەڵەی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی، هەروەها سەختیی یەکخستنیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەگەیشتن بە دەستەبەرییەکی کارا بۆ جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی.

لێرەوە پێویستی ئەوە دەردەکەوت، کە پەنا ببردرێتە بەر یاسای نێودەوڵەتی ڕێککەوتن لەسەرکراو، بۆ دەستەبەرکردنی کارایی حوکمەکانی تەحکیم، و لادانی مەترسی و کۆسپەکان، کە دێنە بەردەم جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەبەردەم دادگای نیشتمانی لە دەوڵەتە جیاوازەکاندا، بەو جۆرەی کە کۆکە لەگەڵ سروشتی ئەم پرسە، هەروەها نەمانی لایەنە کرچ وکاڵ و کەموکورتییەکان، کە لە یاسا نیشتیمانییەکاندا هەن لە بواری جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی نێودەوڵەتی.

لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەم مەبەستە، ئەوا دەوڵەتان هەنگاویان نا، بەرەو ئەنجامدانی چەندین ڕێکەوتن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی، بە ئامانجی یەکخستنی بنەماکانی تایبەت بە دانپێدانان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی و نێودەوڵەتی، سەرباری ئەنجامدانی چەندین ڕێکەوتننامەی دوو لایەنە[1]، هەموو ئەو ڕێکەوتننامانە ئامانج لێیان ئەوە بووە، کە ئەو کۆسپانە تێپەڕێنن کە خۆیان دەبیننەوە لە جیاوازیی بنەما نیشتیمانییەکان، کە لەوانەیە ڕێگربن لەبەردەم جێبەجێبوونی حوکمەکانی تەحکیم، لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە هاتوونەتە ناو هەر یەکێک لەم ڕێکەوتننامانەوە، بە دڵنیاییەوە پابەند دەبن بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ئەو ڕێکەوتننامانە، ئەمەش پاڵپشتیی جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی

[1] . عێراق انضمامی بۆ چەندین ڕێکەوتننامەی دوو لایەنە کردووە کە کرنگترینیان: أ- معاهدة التعاون القضائي والقانوني المعقودة بين الجمهورية العراقية واتحاد الجمهوريات الاشتراكية السوفيتية (روسيا الاتحادية حاليا) (1973) لعام (104)، وقد صادق عليها العراق بالقانون رقم (22/6/1973والموقع عليها في موسكو بتاريخ ( ) والتي 1/12/1964ب- اتفاقية المساعدة المتبادلة بين جمهورية العراق وجمهورية مصر الموقع عليها في ( ). ج- اتفاقية تشجيع وحماية الاستثمار بين حكومة 1964) لعام (194صادق عليها العراق بالقانون رقم ( ). د- كما ابرم العراق بروتوكول تشجيع 2012) لسنة (24جمهورية العراق وحكومة الجمهورية الفرنسية رقم ( ) والذي تطرق بدوره لأحكام 25/10/1964انتقال رأس المال والاستثمار بين العراق والكويت الموقع عليها في ( التحكيم واعتبارها ملزمة للأطراف في حال صدورها من لجنة التحكيم.

نێودەوڵەتی دەکات لەسەر خاکەکەی، بەبێ دانانی هیچ بەربەستێک لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو حوکمانە یان سەختی نواندن لە جێبەجێکردنیدا.

## گرنگی تویژینەوە (Significance of the Research):

گرنگی ئەم تویژینەوەیە هەڵقولاوە بە جۆرێک بەشێکە لە بابەتی تەحکیم، کە گرنگی زۆر گەورەی هەیە لە ژیانی ئابووریدا لە نێوان کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و تاکەکاندا، ئێستا وای لێهاتووە بە شێوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی بەشدارە و پشکداری دەکات لە بوژانەوەی ژیان و بازرگانی و هاندانی وەبەرهێنەکان بەمەبەستی چوونە ناو وەبەرهێنانی گەورەتر لە پەیوەندییە بازرگانییە بەرفراوانەکان بەبێ ئەوەی ترسیان هەبێت، لە تەنها بەفیڕۆ چوونی مافەکان یان درێژکردنەوەی ماوەی دادوەری کردن ئەگەر ناکۆکیەک هاتە ئاراوە سەبارەت بە پڕۆسە و کردەیەکی بازرگانی.

لە گرنگترین پێویستییەکانی سەردەمی جیهانگیری بریتییە لە دانپێدانان بە حوکمە تەحکیمییە نێودەوڵەتییەکان و کارکردن لەسەر جێبەجێکردنیان، بەو حیسابەی نکۆڵیکردنی دانپێدانان پێچەوانەیە لەگەڵ پێویستی مامەڵە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، لەبەر ئەوەی بەربەست دروست دەکات و پەرەسەندن و پێشکەوتنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان پەک دەخات، لە ئەنجامدا سەردەکێشێت بۆ بەریەککەوتن و بەگژداچوونی مامەڵە لە نێوان تاکەکاندا.

## ئامانجی تویژینەوە:

ئامانجی ئەم تویژینەوەیە بریتییە لە هەوڵدان بۆ هێنانەدی چەند ڕێگە چارەیەکی یاسایی، کە مۆرکی زانستییان هەڵگرتبێت بۆ ئەو گرفت و بەربەستانەی کە دێنە بەردەم جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی، ئەمەش لە ڕێگەی : ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی هەڵوێستی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕوونکردنەوەکانیان لەبارەی ڕەوش و بارودۆخەکانی ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی، ڕاددەی پابەندبونی یاسا نیشتیمانییەکان ئەگەر هەبوو و پێشنیازکردنی چارەسەرییەکانی، بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ ئەو نوێگەرییانە کە لەناکاو دێنە بەردەم جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی.

## گرفتەکانی تویژینەوە (The Research Issues):

گرفتەکانی تویژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە گفتوگۆکردن سەبارەت بە بابەتی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی. دوای ئەوەی حوکمی تەحکیم لە دەستەی تەحکیم دەردەچێت دەمانەوێت هێزی جێبەجێکردنی پێبدەین لە ڕێگەی دەرکردنی فەرمانێک لە دادگای تایبەتمەند، دەکرێ ئەو حوکمە تەحکیمییە نێودەوڵەتییە شیاو بێت بۆ وەستاندنی جێبەجێکردن یان قەدەغەکردنی لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراو، کەوا ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاسا نیشتمانییەکان حاڵەتەکانیان پوخت و کورتکردوونەتەوە، ئەو بارودۆخانەش هەندێکیان دووبارەبووەوەن لە یاساکاندا لەناو مەرجە بابەتییەکانی حوکمی تەحکیمدان.

ئایا ئەو بارودۆخانە چین کەوا دەکرێت بۆ ئەو لایەنەی کە حوکم لە دژیدا دەرچووە بیورژێنێت و لە ڕێگەیەوە ئەمە وەدیبهێنێت، کە بریتییە لە ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی؟

## میتۆدەکانی توێژینەوە (Research Methodologies):

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاری-بەراوردکارییە، لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدراوە.

## ستراکچەری توێژینەوە (Research Structure):

ئەم توێژینەوەیە دابەشی سەر دوو باس دەکەین، بە جۆرێک لە باسی یەکەم باس لە ڕێککەوتننامە هەرێمییەکان دەکەین کە عێراق ئەندامە تیایاندا، و لە باسی دووەم باس لە جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەکەین.

## باسی یەکەم

## جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم بەپێی ڕێکەوتننامە هەرێمییەکان

عێراق کۆمەڵێک لە ڕێکەوتننامەی هەرێمی پەسەند کردووە، بە مەبەستی ئاسانکاری و هاریکاری لە جێبەجێکردنی حوکمە تەحکیمییە نێودەوڵەتییەکان، لەوانە: ڕێکەوتننامەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان لە نێوان دەوڵەتە میواندارەکان و هاوڵاتییانی عەرەب و پاشکۆکانی بۆ ساڵی ١٩٧٤، ڕێکەوتننامەی یەکگرتوو بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی عەرەبی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بۆ ساڵی ١٩٨١، ڕێکەوتننامەی ریاض بۆ ساڵی ١٩٨٣، دواهەمینیان ڕێککەوتننامەی عەممان عەرەبی بۆ تەحکیمی بازرگانی بۆ ساڵی ١٩٨٧، هەروەها بۆ ڕۆشنکردنەوەی مەرجەکان کە ئەم ڕێکەوتننامانە دەیخوازن بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمە تەحکیمییەکان، کە بەپێی ئەو ڕێکەوتننامانە دەرچوونە، ئەوا بۆ هەر یەکێکیان لقێکی تایبەت دادەنێین و بە جیا باسی یەکە بە یەکیان دەکەین (الجنابي، ٢٠١٣، لاپەرە١٨١).

### لقی یەکەم

### ڕێکەوتننامەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان لە نێوان دەوڵەتە میواندارەکان و هاوڵاتیانی عەرەب و پاشکۆکانی بۆ ساڵی ١٩٧٤

لەکاتی ڕوودانی کێشەی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣ بەهۆی شەڕی عەرەب و اسرائیل، هەروەها بەرزبوونەوەی نرخەکانی، ئەوا بیرۆکەی دروستکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە بیری دەوڵەتە عەرەبییە وەبەرهێنەرەکاندا هات بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان ئەو دەوڵەتانە میوانداری وەبەرهێنانی عەرەبی دەکەن لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتانی دیکەی عەرەبی ڕوودەدەن. ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٦/١٠ واژۆی لەسەرکرا، هەروەها ئەنجومەنی یەکێتی ئابوری عەرەبی سەر بە کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی، ڕێکەوتننامەکەی پەسەند کرد لە مانگی ئەیلولی ساڵی١٩٧٤، ڕێکەوتننامەکە لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٨/٢٠ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، و

عێراق بووە ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیە لە سالی ١٩٨١ بەپێی یاسای ژمارە (١١٨) ی سالی ١٩٨١ کە لە وقائعی عێراقی ژمارە (٢٨٥٩) لە ڕێکەوتی (١٩٨١/١١/٢٣) بلاوکراوەتەوە.

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە (٤٦) ماددە پێکهاتووە، لەگەڵ پاشکۆیەک کە لە (٤) ماددە پێکهاتووە، ڕێکەوتننامەکە لە ماددەکانی (٢-٣) بە دەق ئاماژە بەوە دەکات کە: ...." ٢. ئەم ڕێکەوتننامەیە ئامانجیەتی چارەسەری هەر ناکۆکیەکی یاسایی بکات، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دروست ببێت لە یەکێک لە وەبەرهێنانەکانی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی میواندار یان یەکێک لە دەستەکانی یاخود یەکێک لە دامەزراوە گشتییەکانی، لەگەڵ هاولاتیانی دەوڵەتانی عەرەبی دیکە، ئینجا لایەنەکە کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بێت، بە جۆرێک کە دەستەبەری دۆزینەوەی کەشوهەوایەکی گونجاو بێت، کە یارمەتیدەر بێت بۆ هاندانی وەبەرهێنانی عەرەبی بە شێوەیەکی زۆرتر لە ناوەوەی دەوڵەتانی عەرەبی. 3- سەرەتا چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە ڕێگەی گونجاندن دەبێت لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، بەپێی حوکمەکانی دەستەکە سەبارەت بە کێشەکان لە دواتردا، هەروەها دەخرێتە بەردەم تەحکیم بەپێی بنەماکانی دەق لەسەرهاتوو" (شريف، ٢٠١٦، لاپەرە١٣٦).

لەو دوو ماددەیەی سەرەوەی ڕێکەوتننامەکە، تێدەگەین کە پێویستە تەحکیم لە نێوان دوو کۆمەڵەی عەرەبی بێت، واتە لە نێوان دەوڵەتێکی عەرەبی و هاولاتییەکی دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی عەرەبی بێت بە تەنها، دواتر تەحکیم لە نێوان ئەو لایەنەی کە شوێنکەوتووی یاسای گشتییە، لەگەڵ ئەو لایەنەی کە شوێنکەوتووی یاسای تایبەتە، بەم پێیە ناکرێت پەنا ببرێتە بەر تەحکیم لە نێوان دوو دەوڵەت یان دوو لایەنی شوێنکەوتووی یاسای گشتی، بەهەمان شێوە ئەم ڕێکەوتننامەیە ئامانجیەتی چارەسەری ناکۆکی یاسایی بکات، کە ڕاستەوخۆ لە وەبەرهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە (الجازي، ٢٠٠٢، لاپەرە٤).

هەروەک ماددەی (26)ی ڕێککەوتننامەکە، دەوڵەتە بەشداربووەکانی ناو ڕێکەوتنەکەی پابەندکردووە بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیم، بە هەمان ئەو ڕێگایەی کە حوکمە کۆتاییەکان جێبەجێ دەکرێن، کە لە دادگاکانییەوە دەردەچن، ماددەکە بە دەق ئاماژەی بەوە کردووە:

"1- حوکمی تەحکیم لەو دەوڵەتانە جێبەجێ دەکرێت، کە لایەنێکن لە ناکۆکییەکەدا یان یەکێک لە هاولاتییەکانی لایەنێک دەبن لە ناکۆکییەکەدا، حوکمەکە بەو شێوەیە جێبەجێ دەکرێت وەک ئەوەی حوکمێکی کۆتایی بێت، کە پێویست بێت جێبەجێ بکرێت لەلایەن یەکێک لە دادگاکانی دەوڵەتەکەوە، هەروەها هەموو ئەو دەستەبەرییانەی هەیە، کە لە ئاستی ناوخۆدا دانپێدانراون، سەبارەت بە پێویستیی جێبەجێکردنی حوکمە نیشتیمانییەکان، ئەو دەوڵەتەی خاوەنی سیستەمی فیدراڵییە، پێویستە لەسەری حوکمی تەحکیم جێبەجێ بکات بەهۆی دادگا فیدراڵییەکانیەوە، ئەگەر هاتوو ئەو دەسەلاتانەی هەبوو.

2- لەسەر هەر دەوڵەتێک کە ئەندامە لە ڕێکەوتنەکەدا پێویستە ئەمینداری گشتی ئاگاداربکاتەوە، بە دانانی دادگایەکی تایبەتمەند یان دیاریکردنی لایەنێکی فەرمی، کە ئەرکی جێبەجێکردنی حوکمی دادگاکانی تەحکیم بێت، هەروەها لەسەر ئەو لایەنەی خاوەن

بەرژەوەندییە لە جێبەجێکردنی حوکمەکە، ئەوا وێنەیەکی پەسەندکراوی حوکمە تەحکیمیەکە پێشکەش بکات، کە لەلایەن ئەمینداری گشتییەوە، واژۆی لەسەر کرابێت.

3- ڕێوشوێن و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی حوکمەکە، ملکەچی یاساکانی جێبەجێکردنە لەو دەوڵەتەی داواکراوە حوکمی تەحکیمی تێدا جێبەجێ بکرێت" (الجنابي، ٢٠١٣، لاپەرە ١٦٩).

هەروەک ماددەی (24) لە برگەی یەکەم و دووەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا، ئەو دۆخ و حاڵەتانەی دیاری کردووە، کە یەکێک لە لایەنەکان دەتوانێت داواکاری پوچەڵکردنەوەی حوکمی تەحکیمی تێدا پێشکەش بکات، هەروەها ئەو کاتەشی دیاریکردووە، کە ڕێگە بە هەر دوو لایەنەکە دەدات بە پێشکەشکردنی تانە، ماددەکەی سەرەوە بە دەق ئاماژەی بەوە کردووە کە"

1- بۆ هەر یەکێک لە لایەنە داواکارەکان دروستە حوکمەکە پوچەڵ بکەنەوە، ئەمەش بە داوکارییەکی نووسراو دەبێت، کە ئاراستەی ئەمینداری گشتی کرابێت، بە پشت بەستن بە یەکێک لەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر پێکهێنانی دادگاکە بە شێوەی دروست نەبێت.

ب- ئەگەر هاتوو دادگاکە پسپۆرییەکانی خۆی بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا تێپەڕاند و بەزاند.

ت-یەکێک لە ئەندامانی دادگاکە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی ناشەرعییەوە.

ث- ڕوودانی پێشێلکارییەکی مەترسیدار بۆ یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێکارەکان.

ج- ئەگەر هاتوو حوکمەکە ئەو هۆکارانەی ڕوون نەکردەوە، کە پشتی پێ بەستووە.

2- پێویستە داواکە لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژدا پێشکەش بکرێت، لە ڕێکەوتی دەرچوونی حوکمەکە، بەڵام ئەگەر پوچەڵکردنەوەکە دامەزرابوو لەسەر بنەمای کاریگەری ناشەرعی، ئەوا پێویستە لە ماوەی نەوەد ڕۆژدا داواکە پێشکەش بکرێت، لە ڕێکەوتی دۆزینەوەی ڕووداوی کاریگەرییەکە، بەو مەرجەی سێ ساڵ تێپەر نەبووبێت بەسەر ڕێکەوتی دەرچوونی حوکمەکە" (شریف، ٢٠١٦: لاپەرە ١٤٤).

هەروەک لە برگەی یەکەمی ماددەی (١٦) لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە: " أ- دادگاکە ناکۆکییەکە یەکلایی دەکاتەوە، بەپێی بنەما یاساییەکان، کە بە دەق لە ڕێکەوتننامە و سیستەمەکاندا هاتوون، دادگاکە بڕیاری لێدەدات، لە حاڵەتی نەبوونی دەقێک سەبارەت بەوەی ڕابردوو، ئەوا دادگا یاسای دەوڵەتی میواندار، کە لایەنێکە لە ناکۆکییەکە، بنەماکانی ناکۆکی یاسایی تایبەت بەخۆی جێبەجێ دەکات، لەگەڵ ئەو بنەما یاساییە نێودەوڵەتییانەی شیاوی جێبەجێکردنن..." (الاحدب، بدون سنة نشر، لاپەرە ١١٣٨).

**لقی دووەم**

**ڕێککەوتننامەی یەکگرتوو بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی عەرەبی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بۆ ساڵی ١٩٨١**

ڕێکەوتننامەکە، بریتییە لە ڕێکەوتننامەیەکی هەرێمی پەیوەستە بەو دەولەتە عەرەبییانەی، کە ئەندامن لە کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی، بابەتەکەی بریتییە لە وەبەرهێنان لە سەرمایەی عەرەبی لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، ئەم ڕێکەوتننامەیە لە یازدەمین کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی ڕێکەوتنی لەسەرکرا، کە لە شاری عەممان لە ڕێکەوتی (٢٥-١٩٨٠/١١/٢٧) بەسترا، لە ڕێگەی نوێنەرانی حکومەتە عەرەبییەکانەوە و لە نێویشیاندا عێراق لە ڕێکەوتی ١٩٨٠/١١/٢٧ واژووی لەسەرکرا، عێراق پەیوەست بووە بەم ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی ١٩٨١ بەپێی یاسای ژمارە (٤٤)ی ساڵی ١٩٨١ کە لە وەقائعی عێراقی ژمارە (٢٨٣٢) لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٦/١) بڵاوکراوەتەوە. ئەمە ڕێکەوتنێکە لە بنەڕەتدا بایەخ دەدات بە هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی عەرەبی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا. ئەم ڕێکەوتننامەیە لە دیباجە و (٤٦) ماددە پێکهاتووە، لەگەڵ پاشکۆیەک کە تاوتوێی نێوانگیری و تەحکیم دەکات.

ماددەی (٢٥)ی ڕێککەوتننامە، ڕێگەکانی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی ڕوون کردۆتەوە، کە لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە دروست دەبن، کە دەکرێت پەیڕەو بکرێت، ئەویش بریتییە لە نێوانگیری یان تەحکیم یان پەنا بردنەبەر دادگای وەبەرهێنانی عەرەبی، کە لە برگەی یەکەم لە ماددەی (٢٩)ی ڕێکەوتننامەکەدا (الجنابي، ٢٠١٣: لاپەرە ١٧٠-١٧١)، تایبەتمەندیەکانی ڕوون کردۆتەوە و چوارچێوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنانی دیاری کردووە، کە بە تەنها لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیەوە دروست بووە، جا بە دەق ئاماژەی بەوە کردووە: (دادگا پسپۆڕ و تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی ئەوەی دەخرێتەڕوو، لەلایەن یەکێک لە لایەنەکانی وەبەرهێنان، لەو ناکۆکییەی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ڕێکەوتننامەکە یان ئەو دەرئەنجامانەی لێی دروستدەبن).

بەهەمان شێوە، ماددەی یەکەم لە پاشکۆی ڕێکەوتنەکە تایبەت کراوە بۆ سازان، بەڵام سەبارەت بە تەحکیم، ئەوا ماددەی دووەم لە پاشکۆکە بۆ حوکمەکانی تەحکیم دیاری کراوە، لە برگەی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە: " ئەگەر دوو لایەنەکە ڕێکنەکەوتن لەسەر پەنابردنەبەر نێوانگیری، یان نێوانگرەکە نەیتوانی ڕاپۆرتەکەی لە ماوەی دیاریکراودا دەربکات، یاخود لایەنەکان کۆک نەبوون لەسەر قبوڵکردنی چارەسەرە پێشنیازکراوەکان، ئەوا بۆ لایەنەکانی ڕێکەوتنەکە دروستە پەنا ببەنە بەر تەحکیم " (نوفل، ٢٠٢١، لاپەرە ٣٠٤).

ڕێکەوتننامەکە ئازادی ڕێککەوتنی بۆ لایەنەکان بەجێهێشتووە، لەگەڵ هەڵبژاردنی چەند موحەکەم یان یەک موحەکەم، هەروەها ڕێکەوتننامەکە چۆنیەتی دیاریکردنی موحەکەمەکانی چارەسەر کردووە، لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان، هەروەک لە برگەی سێیەمدا هاتووە، ئەگەر لایەنەکەی دیکە موحەکەمێک دیاری نەکات یان موحەکەمەکان ڕێکنەکەون لەسەر دیاریکردنی حوکمی مەرجەع لە میانەی ماوە بڕیارلێدراوەکان بۆ ئەم مەبەستە، دەستەی

تەحکیم لە موحەکەمێک یان ژمارەیەکی تاک لە موحەکەمەکان پێکدێت، کە لە نێوانیاندا حوکمی مەرجەع هەبێت، بۆ هەر لایەنێک هەیە داوای دیاریکردن بکات لەلایەن ئەمینداری گشتیی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی.

لە برگەی هەشتی ماددەی دووەم لە پاشکۆکە هاتووە کە: "بڕیاری دەستەی تەحکیم کە دەردەچێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە، بڕیاری کۆتایی و پابەندکەر دەبێت، لەسەر هەردوو لایەنە ناکۆکەکان پێویستە پابەند و ملکەچ بن پێوەی، لەگەڵ دەرچوونی حوکمەکە جێبەجێی بکەن، مادەم دەستەی تەحکیم ماوەیەک بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکە یان بۆ بەشێک لە حوکمەکە دیاری نەکات، هەروەها دروست نییە تانە لە حوکمی تەحکیمەکە بدرێت"، هەروەها ڕێکەوتننامەکە ئاماژەی نەکردووە بە ڕێکار و ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە داوای جێبەجێکردن لەو دەوڵەتانەی کە مەبەست وایە حوکمەکەیان تێدا جێبەجێ بکرێت، بەوپێیە ئەو ڕێوشوێنانە ملکەچن بۆ بنەماکانی یاسای نیشتیمانی دەوڵەتەکە (سامي، ١٩٨٨، لاپەرە٢١)، ماددەی ١١/٢ بە دەق ئاماژەی بەوە کردووە: "ئەگەر سێ مانگ تێپەڕی بەسەر دەرچوونی حوکمی تەحکیم، بەبێ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، ئەوا پرسەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ دادگای وەبەرهێنانی عەرەبی، ئەو بڕیاردەدات لەوەی گونجاوە بۆ جێبەجێکردن".

ڕێکەوتننامەکە ئازادی لایەنە ناکۆکەکانی فەرامۆش کردووە، لە دیاریکردنی شوێنی تەحکیمەکە، بەوەی برگەی پێنجەم لە ماددەی دووەم لە پاشکۆی ڕێکەوتننامەکە بە دەق ئاماژەی بەوەی کردووە، کە دەستەی تەحکیم بۆ جاری یەکەم لەو شوێن و کاتەدا دادەنیشێت کە (الحکم المرجع) دیاریدەکات، دواتر دەستەکە شوێن و کاتەکانی دانیشتنەکانی دیاریدەکات. بە هەمان شێوە سەبارەت بە ڕێوشوێنەکان، ئەوا دەستەکە هەڵدەستێت بە خستنەڕووی وردەکاری سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەستن بە پسپۆرییەکانی و ڕێوشوێنە تایبەتەکانی دیاری دەکات (برگەی ٦ لە ماددەی ٢ لە پاشکۆ).

هەمان حاڵەت سەبارەت بەو پرسانەی دادگاکە سەیریان دەکات، ئەو دادگایەی بەپێی ڕێکەوتننامە دروست کراوە، ئەوا تەحکیمەکە کورت دەبێتەوە تەنها لەوەی پەیوەستە بە جێبەجێکردن و ڕاڤەکردنی بنەماکانی ڕێکەوتننامە، تەحکیمەکە چارەی ئەو ناکۆکیانە ناکات کە لەوانەیە دروست ببن لە وەبەرهێنانەکان، لەبەر ئەمە ڕێکەوتننامەکە سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە تەحکیمەوە زۆر بەرتەسکە، کورت دەبێتەوە لە چوارچێوەی حوکمەکانی ڕێکەوتننامەکە، بۆ جێبەجێکردنی یاسایەکی تر جەختی لەسەر ئەو ناکۆکییانە نەکردۆتەوە کە لە ئەنجامی مامەڵەی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دروست دەبن.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە نێوان ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بۆ ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ ئەم ڕێکەوتننامەیە، بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژە دەکەین بۆ چوارچێوەی جێبەجێکردنەکە، لەبەر گرنگی ئەو حوکمانەی لە هەر دوو ڕێکەوتننامەکەدا هەن، بەوەی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن جێبەجێدەکرێت لەسەر چارەسەری ئەو ناکۆکییانەی دروست دەبن، لە وەبەرهێنان لە نێوان دەوڵەتان و هاوڵاتییانی دەوڵەتانی دیکە، سەبارەت بەم ڕێکەوتننامەیە، کە ڕێکەوتننامەیەکی یەکگرتووی وەبەرهێنانی سەرمایەی عەرەبییە لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، ئەوا

جێبەجێ دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکی و بیرورا جیاوازانەی دروست دەبن لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە لە بەرهەمی جێبەجێکردنەکە.

**لقی سێیەم**

**ڕێکەوتننامەی ڕیاز بۆ هاریکاریی دادوەری ساڵی ١٩٨٣**

ئەم ڕێکەوتننامە هەرێمییەی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/٦ ئەنجامدراوە، لەلایەن (٢١) دەوڵەتی عەرەبییەوە واژووی لەسەرکراوە، لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/١٠/٣٠ ڕێکەوتننامەکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، عێراق پەیوەست بووە بەم ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی ١٩٨٣ بەپێی یاسای ژمارە (١١٠)ی ساڵی ١٩٨٣ کە لە وقائعی عێراقی ژمارە (٢٩٧٦) لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/١/١٦) بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی ڕێکەوتنەکە هاریکاری هەمەلایەنەی دادوەرییە. ڕێکەوتننامەکە بە شێوەیەکی سەرەکی چارەسەری ئەو پرسانە دەکات، کە پەیوەستن بە حوکمەکان و ئینابەی دادوەری و یارمەتی و ڕاگەیاندنی بەڵگەنامەی دادوەری و نادادوەری، هەروەها چەند شتێکی پەیوەست بە پرسەکانی مەدەنی و بازرگانی و باری کەسی.

بەم پێیە ئەوەی ڕێکەوتننامەی ڕیاز بۆ ساڵی ١٩٨٣ جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دوو کۆت و بەندی سەرەکی داناوە بۆ دەسەڵاتی دەستەی دادوەری، کە سەیری داوای جێبەجێکردنی حوکمە تەحکیمییەکە دەکات، ئەم کۆت و بەندانە بە ڕێکاری یاسایی دادەنرێن، کە چاودێری یاسایی لەسەر حوکمی موحەکمین دیاری دەکەن، بەپێی ئەمە ڕێکەوتننامەکە ڕێگری دەکات لە دەسەڵاتی دادگا لەو وڵاتەی داوای جێبەجێکردنی حوکمی تێدا دەکرێت، لەوەی لێکۆڵینەوە بکات لە بابەتی حوکم و ڕووداوەکان، ئەمە ئەو شتەیە کە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان دەستیان پێوەگرتووە و جێبەجێکردنی حوکم ڕەتناکرێتەوە تەنها لەو پێنج حاڵەتەدا نەبێت، کە ڕێکەوتننامەکە دیاری کردووە، هەروەها لەسەر ئەو لایەنەی داوای دانپێدانان دەکات بە حوکمەکە، ئەوا لەسەر هەر لایەنێکی دیکەی تر پێویستە ئەم شتانەی خوارەوە پێشکەش بکەن: (الجنابي، ٢٠١٣: لاپەرە ١٧٣).

أ. وێنەیەکی تەواو فەرمی لە حوکمەکە، پەسەندکراو بێت لەلایەن لایەنە تایبەتمەندەکانەوە واژووی لەسەر کرابێت.

ب. بروانامەیەک کە بیسەلمێنێ کە حوکمەکە بووەتە حوکمێکی کۆتایی، هەروەها هێزی فەرمانی یەکلابووەوەی وەرگرتبێت، ئەگەر ئەمە لە خودی حوکمەدا نەهاتبێت.

ت. وێنەیەکی بەڵگەنامەی پێراگەیاندنی حوکمەکە، وێنەکە پەسەندکرابێت و وەک ئەوەی ڕەسەن بێت، یان هەر بەڵگەنامەیەکی تر، کە بتوانێت ئەوە بسەلمێنێت داوا لەسەر کراو بە شێوەیەکی تەواو و ڕاست ئاگادارکراوەتەوە، سەبارەت بەو داوایەی حوکمەکەی تێدا ڕاگەیەنراوە، ئەمەش لە حاڵەتی دەرچوونی حوکمی غیابی.

هەروەها لە حاڵەتی داواکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکە، ئەوا بۆ بەڵگەنامە ناوبراوەکانی لەو حوکمەی، کە بڕیاریداوە بە پێویستی جێبەجێکردنی حوکمەکە زیاد بکرێن.

ماددەی (٣٢) لە ڕێکەوتنی ناوبراو هاتووە، ڕۆڵ و ئەرکی دادوەری ڕوونکردۆتەوە لە کاتی بەرزکردنەوەی داوای جێبەجێکردنی حوکم بۆی، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە دەسەڵاتی دادوەری کورت دەبێتەوە لەسەر جەخت کردنەوە لە بوون یان نەبوونی ئەو مەرجانەی ئەو ڕێکەوتننامەیە بە پێویستیان دادەنێت، بۆیە دادوەر ڕێگری لێکراوە لە سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە بابەتی داواکە، لە ڕووی خەملاندنی ڕووداوەکان، هەروەها لە ڕووی جێبەجێکردنی یاساکەوە، کە بەپێی ئەو حوکمەی دەرکردووە، لە هەمان کاتدا دادوەر دەتوانێت هەموو حوکمەکە یان بەشێکی لێ جێبەجێ بکات ئەگەر بینی، کە کەموکورتی یان کێشەیەک لە بەشێکی حوکمە تەحکیمییەکە هەیە.

کاتێک دانپێدان و جێبەجێکردنی حوکمێک لە حوکمەکان دەبێتە جێی مەبەست، ئەوا لەسەر ئەوەی داوای جێبەجێ کردن دەکات پێویستە وێنەیەکی باوەڕپێکراو لە حوکمەکە پێشکەشبکات، هاوپێچ لەگەڵ بڕوانامەیەک کە لەلایەن لایەنێکی دادوەری دەرچووبێت، کە بێلایەنی خۆی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن پەیڕەوبکات، لایەنی مەبەستیش بریتییە لەو لایەنە دادوەرییە، کە بوونی هەیە لەو شوێنەی حوکمەکەی لێدەرچووە، پێویستە ئەوەی داوای جێبەجێکردن دەکات وێنەیەکی باوەڕپێکراو لە ڕێکەوتنی نووسراو پێشکەش بکات، ئەگەر پەنابرایە بەر تەحکیم بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکە، بە دڵنیایەوە ئەمە لە حاڵەتی بوونی بە مەرجگرتنی تەحکیم. بەڵام لە حاڵەتی ڕێکەوتن لەسەر پەنابردنە بەر تەحکیمی بەمەرج لە گرێبەستدا، ئەو کاتە دەرچوونی لە گرێبەستەکە پێشدەخرێت.

ماددەی (٣٠) لە ڕێکەوتننامەکە، ئەو حاڵەتانەی ژماردووە کە بۆ ئەو دەوڵەتەی داوای لێکراوە حوکمەکەی تێدا جێبەجێ بکرێت دروستە دانپێدان بە حوکمەکە ڕەدد بکاتەوە و دواتر جێبەجێی نەکات، ئەم دەقانە لەسەر حوکمەکانی دادگاکان و حوکمەکانی تەحکیم جێبەجێ دەبن.

ئەو حاڵەتانە هەروەک لە ماددەی ناوبراودا هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە باس دەکەین:

أ/ ئەگەر هاتوو حوکمی تەحکیم پێچەوانەی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی یان حوکمەکانی دەستوور یان پەیرەوی گشتی یان دابونەریتەکان بوو لەو دەوڵەتەی داوای لێکراوە ددانی پێدا بنێت.

ب/ ئەگەر هاتوو حوکمەکە غیابی بوو، ئەو لایەنە ناکۆکەی حوکمی لەسەر دراوە ئاگادار نەکرابێتەوە لە داوایەکە یان حوکمەکە بە شێوەیەکی دروست ڕانەگەیەنرا بێت، کە بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات.

ج/ ئەگەر ڕەچاوی بنەما یاساییەکانی ئەو دەوڵەتەی نەکردبێت، کە داوای لێکراوە ددان بە حوکمەکدا بنێت، بە تایبەت بە نوێنەرایەتیی یاسایی، بۆ ئەو کەسانەی ناشایستەن یان کەموکورتییان هەیە.

د/ ئەگەر هاتوو ئەو ناکۆکییەی حوکمەکەی لەبارەوە دەرچووە، پێویستی بە دانپێدانان بێت، شیاوی ئەوە بێت داوای لەبارەوە بکرێت و سەیر بکرێتەوە لەلایەن دادگایەکی یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکان، کە پێویستە لەسەری ددانی پێدابنرێت لەنێوان خودی لایەنە ناکۆکەکان.

بۆ لایەنی دادوەری کە سەیری داوای جێبەجێکردن دەکات بەپێی دەقی ئەم ماددەیە، ڕەچاوی بنەما یاساییەکان بکات کە لە دەوڵەتەکەیدا هەیە.

ئەمە پوختەی ئەو حوکمانەیە کە هاتوون یان دەکرێت هەڵبهێنجرێن لە دەقەکانی ڕێککەوتننامەی ڕیاز لە بواری تەحکیم، هەروەها تێبینیمانکرد ڕێککەوتننامەکە پرسی دانپێدانان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیم کە لە دەوڵەتێکی عەرەبی گرێبەستکار دەردەچێ و دەویسترێ جێبەجێبکرێت لە دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبی گرێبەستکار ڕێکدەخات.

**لقی چوارەم**

**ڕێکەوتننامەی عەممانی عەرەبی بۆ تەحکیمی بازرگانی ساڵی ١٩٨٧**

ئەم ڕێکەوتننامەیە دانی پێدانرا و واژووی لەسەرکرا لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٤/١١، عێراق پەیوەست بووە بەم ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی ١٩٨٨ بەپێی یاسای ژمارە (٨٦)ی ساڵی ١٩٨٨ کە لە وقائعی عێراقی ژمارە (٣٢١٥) لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٨/١٥) بڵاوکراوەتەوە. هەروەها بە یەکەم ڕێکەوتننامەی عەرەبی دادەنرێت، کە بایەخ بدات بە کاروباری تەحکیمی بازرگانی. ڕێکەوتننامەکە لە (٤٢) ماددە پێکهاتووە، تێیدا تاوتوێی چەندین پرس کراوە کە تایبەتمەندە بە تەحکیمی بازرگانی، ئەم ڕێکەوتننامەیە ئامانجیەتی سیستەمێکی عەرەبی بۆ تەحکیمی بازرگانی دابنێت، هەروەها لەسەر پێویستی قبوڵکردنی تەحکیمی بازرگانی وەک ئامرازێکی کارا بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە بازرگانییەکان. هەروەها دروستکردنی ناوەندێک بۆ تەحکیم لەسەر ئاستی نیشتیمانی عەرەبی (عبد السلام، ٢٠٠١، لاپەرە ٨٧).

لە ماددەی دووەم لەم ڕێکەوتننامەیە هاتووە، کە تەنها لەسەر کاروبارە بازرگانییەکان جێبەجێ دەبێت، لە دۆخی پەیوەست بوونی حوکمی تەحکیمی بە پرسێکەوە کە بازرگانی نەبێت، ئەوا هیچ بوارێک نییە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، هەروەک بە دەق ئاماژەی کردووە بە: "جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەسەر ئەو ناکۆکییە بازرگانییانەی کە دروست دەبن لە نێوان کەسە سروشتییەکان یان مەعنەوییەکان، جا هەر ڕەگەزنامەیەکیان هەبێت، بەوەی مامەڵەی بازرگانی بیانبەستێتەوە بە یەکێک لە دەوڵەتە ئەندامەکان یان یەکێک لە تاکەکانی ئەو دەوڵەتانە یان بارەگای سەرەکییان تیادا هەبێت" (نوفل، ٢٠٢١، لاپەرە ٣٠٤).

هەروەک ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ماددەی سێیەمدا چۆنیەتی پەنابردنە بەر تەحکیمی دیاری کردووە، لە بڕگەی یەکەمدا بە دەق هاتووە: ملکەچبوون بۆ تەحکیم بە یەکێک لەم دوو ڕێگایە ئەنجام دەدرێت؛ یەکەمیان، بە خستنە ناوەوەی مەرجی تەحکیم بۆ ناو گرێبەستە ئەنجامدراوەکان لە نێوان ئەوانەی پەیوەندییان هەیە. دووەمیان، بە ڕێکەوتنێکی دواتر لەسەر

دروستبوونی ناکۆکی، ئەم دەربڕینەی دووەم بە (مشارطة) تەحکیم ناو دەبرێت" سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ماددەکە، ئەوا مەرجێکی نموونەیی بۆ تەحکیمی تێدا هاتووە، ئەمەش دەقەکەیەتی: "پێشنیاز دەکرێت ئەم شێوە دەقەی کە دێت بخرێتە ناو گرێبەستەکانەوە، کە هەموو ئەو ناکۆکییانە ملکەچ دەکەن بۆ تەحکیم، کە لەم گرێبەستەوە دروست دەبن، لەلایەن ناوەندی عەرەبی بۆ تەحکیمی بازرگانی یەکلا دەکرێتەوە، بەپێی ئەو حوکمانەی هاتوون لە ڕێکەوتننامەی عومانی عەرەبی بۆ تەحکیمی بازرگانی".

ڕێکەوتننامەی عەممان دەقی نەکردووە لەسەر شێوەیەکی دیاریکراو بۆ تەحکیم، بە پێچەوانەی ئەوەی کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتننامە تەحکیمییەکانی دیکەدا، بەوەی بەمەرجی داناوە، کە ڕێکەوتنەکە نووسراو بێت، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وا تێدەگەین، کە دەیەوێت خۆی دابماڵێت لە مەرجی تەحکیم، بەوەی مەرجەکە دەبێت نووسراو بێت، بەم پێیە گرێبەستی دواتر و تایبەت بە یەکلاکردنەوەی تەحکیم پێویستە بە هەمان شێوە نووسراو بێت.

دواتر ماددەی (٣٤) لەم ڕێکەوتننامەیە باسی ئەو حاڵەتانەی کردووە، کە دروستە تێیدا داخوازی پێشکەش بکرێت بۆ پوچەڵکردنەوەی حوکمی تەحکیمی، هەروەک لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: "١. بۆ هەر یەک لە لایەنەکان دروستە، لەسەر بنەمای داواکارییەکی نووسراو، کە ئاڕاستەی سەرۆکی ناوەندەکە بکرێت، حوکمەکە پوچەڵ بکاتەوە، ئەگەر هاتوو یەکێک لەم هۆکارانەی خوارەوە هاتەدی:

أ/ دەستەکە دەسەڵاتەکانی بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا پێشێلکردووە.

ب/ ئەگەر بە حوکمێکی دادوەری بوونی واقیعێکی نوێ سەلمێنرا، لە سروشتی واقیعەکە وابوو کاریگەری هەبێت لەسەر حوکمەکە بە شێوەیەکی سەرەکی، بەو مەرجەی ئاگادارنەبوون و نەزانینی نەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی ئەوەی داوای پوچەڵکردنەوە دەکات.

ج/ ڕوودانی کاریگەریی ناشەرعی لەسەر یەکێک لە موحەکەمەکان، کە کاریگەریی لەسەر بڕیارەکە هەبێت.

٢- پێویستە داواکاری پوچەڵکردنەوە لە ماوەی شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەدەستگەیشتنی بڕیارەکە پێشکەش بکرێت، ئەگەر هاتوو داوای پوچەڵکردنەوەکە بنیاتنرابوو لەسەر هەر دوو هۆکاری بڕگەکانی (ب، ج) ئەوا پێویستە لە ماوەی شەست ڕۆژدا لە ڕێکەوتی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ڕووداوەکە پێشکەشبکرێت، بە هەر حاڵ داوای پوچەڵکردنەوە قبوڵ ناکرێت، لە دوای تێپەڕینی ساڵێکی تەواو لە دەرچوونی بڕیارەکە.

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەبارەی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین، کە ڕێکەوتنامەکە دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم دەدات بە بەرزترین دادگای دادوەری لە دەوڵەتی جێبەجێکاردا، کە مافی نییە جێبەجێکردنەکەی ڕەدد بکاتەوە، تەنها ئەگەر هاتوو حوکمەکە پێچەوانەی پەیرەوی گشتی دەوڵەتەکە بوو، ئەمەش بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە دادەنرێت، کە تا کەمترین ئاست حاڵەتی ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمەکە بەرتەسک دەکاتەوە. لە ماددەی (٣٥) ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە: " دادگای باڵا لە هەر دەوڵەتێکی ئەندام تایبەتمەندە، بە

بەخشینی سیفەتی جێبەجێکاری بە حوکمەکانی دەستەی تەحکیم و دروست نییە فەرمانی جێبەجێکردنەکە ڕەدد بکرێتەوە، مەگەر پێچەوانەی پەیرەوی گشتی بێت" (الجنابي، ٢٠١٣، لاپەرە ١٧٥-١٧٦).

## باسی دووەم
## جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم بەپێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

حوکمی تەحکیم هیچ شوێنەوارێکی لێدروست نابێت، لە خۆیەوە لەگەڵ دەرچوونی حوکمەکە، ئەگەر مەبەست لێی جێبەجێکردنی بوو لە دەرەوەی دادگاکانی ئەو دەوڵەتەی لێی دەرچووە، بەڵکو پێویستە حوکمێک یان بڕیارێکی تەحکیمی نێودەوڵەتی هاوپێچی ببێت، کە حوکمەکە بخاتە حاڵەتی جێبەجێکردنەوە لە ڕێگەی دەستوەردانی دەسەڵاتی نیشتمانی لەو دەوڵەتەی، کە لە دادگاکانی داواکراوە حوکمەکە جێبەجێ بکرێت، بەمەش هاوسەنگی دروست دەبێت لە نێوان ڕێزگرتن لە سەروەری ئەو دەوڵەتەی لەسەر دادگاکەی پێویستە حوکمە نێودەوڵەتییەکە جێبەجێ بکات، لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافە بەدەستهاتووەکانی لایەنەکان بەپێی یاسای ئەو دەوڵەتەی، کە دادگاکەی حوکمەکانی دەرکردووە.

لە میانەی ئەوەی خستمانە ڕوو لەم باسەدا باس لە دوو گرنگترین ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەکەین (الخراز، ٢٠٠٩، لاپەرە ٧١) کە عێراق چۆتە ناویان، لە لقی یەکەمدا باس لە ڕێکەوتننامەی نیویۆرکساڵی ١٩٥٨، و لە لقی دووەمدا باس لە ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی ١٩٦٥ دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە: (التميمي، ٢٠١٤، لاپەرە ١٧٦).

### لقی یەکەم
### جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی بەپێی ڕێکەوتننامەی نیویۆرک بۆ ساڵی ١٩٥٨

ڕێکەوتننامەی نیویۆرک ساڵی ١٩٥٨[2]، سەبارەت بە دانپێدانان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی، بە یەکێک لە گرنگترین ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، کە بایەخ دەدات بە بابەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی، چ لە ڕووی ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بەشدارن لە ڕێکەوتنەکەدا، یان لە ڕووی چوارچێوەی جێبەجێکردنی بنەماکانی، کە ئامانجیەتی سیفەت و سروشتێکی جیهانی پێببەخشێت، هەروەها دانانی کۆمەڵێک چارەسەر، کە گونجاو بن لەگەڵ ئامانج لە پەنابردنەبەر سیستەمی تەحکیم. هەروەک ئەم ڕێکەوتننامەیە وایلێهاتووە بووەتە کۆڵەگە و ستوونی یاسای نێودەوڵەتیی لەم بوارەدا و خولگە سەرەکییەکەی لە بواری

---

[2] . عێراق بووە ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی ٢٠٢١ بەپێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢١ کە لە وقائعی عێراقی ژمارە (٤٦٣٣) لە ڕێکەوتی (٣١/ئایاری/٢٠٢١) بڵاوکراوەتەوە.

جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیم، سەرباری بوونی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دیکە، کە بایەخ بە هەمان بابەت دەدەن (عبد السلام، ٢٠٠١، لاپەرە٨٨).

ڕێکەوتننامەی نیویۆرک ساڵی ١٩٥٨ لە (١٦) ماددە پێکهاتووە، هەروەها چارەسەری هەموو ئەو پرسانە ناکات کە پەیوەستن بە پرسی تەحکیمەوە، بەڵکو تەنها کورت هەڵدێت لە چارەسەرکردنی بابەتی دانپێدانان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی لە هەرێمی ئەو دەوڵەتەی ئەندامە لە ڕێکەوتننامەکەدا. لە گرنگترین ماددەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە، ماددەی چوارەم لەم ڕێکەوتننامەیە کۆمەڵێک داخوازیی پێویست دیاری دەکات بۆ جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بیانی. سەبارەت بە ماددەی پێنجەم، ئەوا کۆمەڵێک حاڵەتی دیاریکردووە، هەر کاتێک یەکێک لەو حاڵەتانە هاتەدی ئەوا بۆ دادوەری نیشتیمانی دروستە، جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بیانی ڕەت بکاتەوە.

دوای ئەوەی عێراق پەسەندی لەسەر ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک کرد، دەربارەی دانپێدانان و جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بیانییەکان.

ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاری لێداوە، بەپێی حوکمەکانی بەندی یەکەم لە ماددەی ٦١ و بەندی دووەم و سێیەم لە ماددەی ٧٣ لە دەستووری عێراقی، بەوەی سەرۆک کۆمار لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٦ دەرکردنی یاسای ژمارە ١٤ بۆ ساڵی ٢٠٢١ پەسندکردن کە تایبەتە بە پەسەند کردنی عێراق بۆ (ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک کە تایبەتە بە دانپێدانان بە حوکمەکانی تەحکیمی بیانی و جێبەجێکردنی بۆ ساڵی ١٩٥٨)، لەگەڵ خۆپارێزی لەسەر هەندێک لە حوکمەکانی ڕێککەوتننامەکە، بەوەی لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە، کە "کۆماری عێراق دەچێتە ناو ڕێککەوتننامەی دانپێدانان بە بڕیارەکانی تەحکیمی بیانی و جێبەجێکردنی، کە لە ڕێکەوتی ٧ حوزەیرانی ١٩٥٩ چووەتە بواری جێبەجێکردن، لەگەڵ ئەم خۆپارێزیانەی خوارەوە:

یەکەم: حوکمەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەرانبەر بە کۆماری عێراق لەسەر ئەو بڕیارانە جێبەجێ نەکرێت کە پێش جێبەجێبوونی ئەم یاسایە دەرچوون.

دووەم: ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ نەکرێت سەبارەت بە دانپێدانان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دەردەچن لەناو خاکی دەوڵەتێکی دیکە ئەندام بێت لە ڕێککەوتنەکە، تەنها لەسەر بنەمای مامەڵەی هاوشێوە نەبێت.

سێیەم: ڕێکەوتننامەکە لە کۆماری عێراقدا تەنها لەسەر ئەو ناکۆکییانە جێبەجێ بکرێت، کە دروست بوونە لە پەیوەندی ڕێکەوتنی و گرێبەستکاری، کە بەپێی یاسای عێراقی بە بازرگانی دادەنرێن[3].

---

[3] . المادة الأولى من القانون رقم ١٤ لسنة ٢٠٢١ الخاص بأنضمام العراق إلى اتفاقية نيويورك لتنفيذ أحكام التحكيم الأجنبية، منشور بالوقائع العراقية، العدد ٤٦٣٣، الصادر بتاريخ ٢٠٢١/٥/٣١.

دوای ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد، سەبارەت بە خودی ڕێکەوتننامەی نیویۆرک، بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر دوو خاڵی گرنگ دەربارەی ڕێکەوتننامەی نیویۆرک کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ مەرجەکانی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بیانی، بەپێی ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک بۆ ساڵی ١٩٥٨**

ماددەی چوارەم لە ڕێکەوتننامەی نیویۆرک بۆ ساڵی ١٩٥٨، هەندێک مەرجی سەرەکی لەخۆگرتووە، کە پێویستە بینەدی لەو لایەنەی داواکاری پێشکەش دەکات بۆ جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی، تا بتوانرێت سەیری ئەو داوایە بکرێت کە لەلایەن ئەوەوە پێشکەش دەکرێت بۆ دانانان بە حوکمی تەحکیمی بیانی و جێبەجێکردنی. ئەوەی داوا پێشکەش دەکات پابەند کراوە بەوەی دوو بەڵگەنامەی سەرەکی هاوپێچی داواکەی بکات، کە ئەوانیش بریتین لە:

1/ وێنەی ڕەسەنی حوکمەکە یان وێنەیەکی کۆپی حوکمەکە، کە هەموو مەرجانەی تێدا بێت کە فەرمی بوونی بەڵگەنامەکە پێشان بدات. ئەوەی جێی مەبەستە لەم بوارەدا "حوکمی کۆتایی تەحکیمە"، چونکە ئەوەی جێگیربووە ئەوەیە حوکمەکانی تەحکیم کە لە دەستەی تەحکیمەوە دەردەچێت، و بە شێوەی کۆتایی لە ناکۆکییەکی دیاریکراو بە تێروتەسەلی حوکمەکە یەکلا دەکاتەوە، ئەوا سیفەتی بەڵگەی یەکلاکراوە وەردەگرێت، تەنها ئەمە ئەو حوکمەیە کە دەکرێت جێبەجێ بکرێت.

2/ بنچینەی ڕێکەوتنی تەحکیمەکە، یان وێنەیەکی کۆپییەکەی، کە مەرجە پێویستییەکانی تێدا بن بۆ فەرمیبوونی بەڵگەنامەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بنچینەی ڕێکەوتنی تەحکیمەکە داخوازییەکانی ڕاست و دروستی شێوەیی تێدا بێت، کە بە دەق لە ماددەی دووەمی ڕێکەوتنەکەدا هاتووە.

ئەوەی شایەنی گوتنە ماددەی (٤) بڕگەی دووەم لەم ڕێکەوتننامەیە ئەو لایەنەی پابەند کردووە، کە داوای دانپێدانانی کردووە بە حوکمی تەحکیمی بیانی یان جێبەجێکردنی بەپێی ڕێکەوتنەکە، ئەوا وەرگێڕانێک بۆ هەر حوکم یان ڕێکەوتنێکی تەحکیم پێشکەش بکات، ئەگەر هاتوو حوکمەکە یان ڕێکەوتنی تەحکیمەکە بە زمانێکی دیکەی جیاواز لە زمانی فەرمی ئەو دەوڵەتەی نووسرابوون، کە داوای لێدەکرێ دانی پێدابنێت و جێبەجێی بکات. پێویستە وەرگێڕێکی فەرمی یان یەکێک لە کەسانی دیبلۆماسی یان قونسلگەری کاریان کردبێت لەسەر وەرگێڕانەکە.

**دووەم/ ڕێکارەکانی داواکردنی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بیانی**

ڕێکەوتننامەی نیویۆرک ساڵی ١٩٥٨ ئەو ڕێکارە پێویستانەی دیاری نەکردووە کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی، بەوەی ئەرکی دیاریکردنی

بەجێهێشتووە بۆ یاسای ئەو دەوڵەتەی حوکمەکە لەسەر هەرێمەکەی جێبەجێ دەکرێت، هەروەک لە ماددەی سێیەم بە دەق ئاماژەی بەوە کردووە کە: ((هەموو دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان دانبنێن بە پابەندبوونی حوکمی تەحکیم، هەروەها فەرمان بە جێبەجێکردنی بکەن بەپێی بنەماکانی دادبینی پەیڕەوکراو لەو هەرێمەی جێبەجێکردنی حوکمەکەی لەسەرە، هەروەها بەپێی مەرجە دەق لەسەر هاتووەکان لە ماددەکانی دواتردا)). (نوفل، ٢٠٢١، لاپەرە٣٠٨).

بەمەش ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک ساڵی ١٩٥٨، بە شێوەیەکی ڕاشکاو ئازادیی هەڵبژاردن و مافی دانانی ئەو بنەما ڕێکاریانەی بەو دەوڵەتانە داوە، کە واژوویان کردووە لەسەر ڕێککەوتنەکە، کە وایدەبینن گونجاون بۆ جێبەجێکردن لەسەر جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی لە ناو هەرێمەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم ڕێکەوتننامە ئەرکی دیاریکردنی ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بیانی بۆ یاسای دەوڵەتە بڕیاردەرەکە جێهێشتووە، بەو پێیەی ئەمە یەکێکە لە بنەما یاساییە نێودەوڵەتییە تایبەتییە جێگیرەکان لە دەوڵەتە جیاوازەکان (القصبي، ٢٠٠٦، لاپەرە٦٥).

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ڕێکەوتنە پێداگربووە لەسەر زیادکردنی مەرجێکی جەوهەری کە لە ماددەی سێیەم هاتووە، بەپێی مەرجەکە بێت لەسەر دەوڵەتان قەدەغەیە، کە لەسەر جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیم کە بە پێی ئەم ڕێکەوتنە جێبەجێ بووە، هەندێک مەرجی توندتر یان ڕسوماتی دادوەری بەرزتر بە شێوەیەکی تێبینی کراو بسەپێنن، کە زیاتر بێت لەوەی لەسەر جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی نیشتیمانی دەسەپێنرێن.

لە بواری هەڵسەنگاندنی ئەم ئاراستەیەی کە ڕێکەوتننامەی نیویۆرک بۆ ساڵی ١٩٥٨ گرتوویەتیەبەر، سەبارەت بە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی، ئەوا هەندێک لە یاساناسان پێیان وایە ئەم شێوازە ڕێگە لەبەردەم دەوڵەتە ڕێکەوتووەکان دەکاتەوە، بۆ دانانی ڕێکخستنێکی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی، کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕۆحی ڕێککەوتنەکە، بەوەی دواتر ببێتە نموونەیەک بۆ ڕێکارە یەکگرتووەکان.

**سێیەم: ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بەپێی ڕێکەوتننامەی نیویۆرک**

وەک چۆن مادەی پێنج دەقی هێناوە لەسەر بارودۆخەکان ئەگەر یەکێکیان هاتەدی ڕێگە دراوە ڕەددی دانپێدانان بە حوکمەکە یان جێبەجێکردنی بکات، کە بارودۆخگەلێکن هەندێکیان پابەندکەرن بەوەی دەبێت دەستیان پێوە بگرێت لەلایەن ئەولایەنەی کەوا داوای جێبەجێکردن دەکات و هەندێکیشیان لەو بارودۆخانە پابەندکەر نین (د. عبد العظيم، ٢٠١٧، ٤٨٢ –٤٨٣):

١/ کەموکوڕی لە شیاویەتی یەکێک لە لایەنەکانی حوکمی تەحکیمی ، یاخود بەتاڵبوونەوەی ڕێککەوتنی تەحکیم بەپێی ئەو یاسایەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت بەسەر ناکۆکیەکە.

٢/ پێنەڕاگەیاندنی دیاریکردنی موحەکەم یاخود ڕێکارەکانی تەحکیم بەشێوەیەکی دروست بۆ لایەنی بەرامبەر، وە نەتوانینی بەرگری لەخۆکردن بە هەر هۆکارێک بێت، ئەمەش حاڵەتێکە لەو حاڵەتانەی کە گرفت دەخاتە ڕووبەڕووبونەوە و مافی بەرگری کردن.

٣/ ئەگەر حوکم لەبارەی بابەتێک یەکلایی کرایەوە، کە لە ڕێکەوتنی تەحکیم لەخۆی ناگرێت، یاخوود موحەکەم ئەوەی لێی داواکراوە بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە تێپەراند.

٤/ ئەگەر لە تەحکیم بەتاڵبوونی پەیوەست بە دامەزراندنی دەستەی تەحکیم یاخود ڕێکارەکان هاتە ئاراوە، بەوەی کە پێچەوانەی ئەوەبوو کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

٥/ حوکمی تەحکیم هێشتا نەبووە بە پابەندکەر بۆ دوو لایەنەکە.

٦/ ئەگەر حوکمەکە هەڵوەشایەوە یاخوود جێبەجێکردنی ڕاگیرا لەلایەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەرچووە یاخود ئەو وڵاتەی بەپێی یاساکەی دەرچووە.

٧/ ئەگەر بڕیارەکە دەرچوو لە بابەتێک کە تەحکیم نەتوانرا تێیدا بکرێت، ئەوا بەپێی یاسای وڵاتی تایبەتمەند لەو وڵاتەی ڕەدد بکاتەوە داوای لێکراوە دانپێدانان و جێبەجێی حوکمی مەحەکەم بکات کەوا دانپێدانان و جێبەجێکردن قبوڵ نەکات ئەگەر هاتوو بۆی یەکلا بووەوە کەوا یاسای ئەو وڵاتە ناتوانێت ناکۆکی یەکلا بکاتەوە لەڕێگای تەحکیم.

٨/ ئەگەر حوکمەکە دژیەک بوو لەگەڵ پەیڕەو ئادابی گشتی لە وڵاتی جێبەجێکردن.

**لقی دووەم**

**جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی بەپێی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی ١٩٦٥**

ڕێکەوتننامەی واشنتۆن تایبەت بە یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی لە وەبەرهێنان لە نێوان دەوڵەتان و هاوڵاتیانی دەوڵەتانی دیکە دروست دەبن، لەژێر چاودێری بەنکی نێودەوڵەتی بۆ بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە لە ڕێکەوتی ١٨ـی مارسی ١٩٦٥ ئەنجامدراوە، عێراق پەیوەست بووە بە ڕێکەوتننامەکە لە ساڵی ٢٠١٢ بەپێی یاسای ژمارە (٦٤)ی ساڵی ٢٠١٢ کە لە وقائعی عێراقی ژمارە (٤٢٨٣) لە ڕێکەوتی (٢٩/ تەموزی/٢٠١٣) بڵاوکراوەتەوە. ئامانج لەو ڕێکەوتننامەیە ئەوکات هاندانی وەبەرهێنەکان بوو لە وڵاتە نەگەشەسەندوو و پەرەسەندووەکان، هەروەها بۆ ئەوەی سەرمایەدارەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دڵنیا و خاترجەم بن کە ئەمانە دەترسن لە بەنەتەوەیی و گرەنتی کردنی سامانە وەبەرهاتووەکەیان، لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن گەرەنتی گەلێک بۆخۆیان مسۆگەر بکەن بۆ پاراستنی وەبەرهێنەکانیان لەو ڕێکارانەی، کە حکومەتەکانی وڵاتە پەرەسەندووەکان دەیگرنەبەر، لەباری دروستبوون و هاتنەکایەی ناکۆکی لە نێوان وڵاتانی خانەخوێ و میواندار بۆ وەبەرهێنان و وەبەرهێنەری بیانی، ئەو کەسەی دوایی کە وەبەرهێنەری بیانییە دەترسێت لە بردنی ناکۆکیەکە و خستنەبەردەمی دادگا نیشتمانییەکان بۆ وڵاتە نەگەشەسەندوو و پەرەسەندووەکان، کە ئەوانیش خۆیان بە دوور دەگرن و دەترسن لەوەی ئەم کێشە و ناکۆکییەیان بخرێتە بەردەم دادگاکانی دەوڵەتی وەبەرهێنەکە کە بریتین لە دادگاکانی وڵاتە بیانییەکان (سامي، ٢٠١٠، لاپەرە٥٣).

بۆ ئەم مەبەستە ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان ICSID دامەزراوە، کە بەو دەزگایە دادەنرێت؛ تیایدا ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان یەکلا دەکرێنەوە.

هەڵبەت ڕێککەوتننامەی واشنتۆن هاتووە بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی تەحکیم لەو ناکۆکیانەی دروست بوون لە نێوان وەبەرهێنەری بیانی و وڵاتی میواندار بۆ وەبەرهێنان، ئەمەش بە کارکردن لەسەر وەدیهێنانی جۆرێک لە هاوسەنگی (شریف، ٢٠١٦، لاپەرە ١٢٣)، لە نێوان بەرژەوەندییەکانی وڵات و وەبەرهێنی بیانی، هەروەها چەندین گەرەنتی پێشکەش بە وەبەرهێنی بیانی دەکات کە ئارەزووی پێ دەکات و وادەکات هەریەک لە لایەنەکان لەیەک پێگەدا بن. ئەمەش لە میانەی دابینکردنی ئامرازێکی کارا، دوور لە دادگای نیشتیمانی دەوڵەتان، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی دروست دەبن لەم وەبەرهێنانانە بە ڕێگەی دۆستانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە نێوانگیری و تەحکیم (صالح، ٢٠١١، لاپەرە ١٣٧).

گرنگترین تایبەتمەندی کە حوکمە دەرچووەکانی تەحکیم لە چوارچێوەی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان جیادەکاتەوە، بریتییە لەو شێوازەی ئەم ڕێکەوتننامەیە دایهێنا، بە بەخشینی هێزی جێبەجێبوونی ڕاستەوخۆ بە حوکمەکانی (سلیمان، ٢٠٠٦، لاپەرە ١٣٠). مەبەست لە جێبەجێبوونی ڕاستەوخۆ ئەوەیە، کە حوکمە دەرچووەکانی تەحکیم کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان دەرچووینە، بریتین لە حوکمی کۆتایی کە پێداچوونەوە هەڵناگرێت، بەوەی تەنها بە دەرچوونی حوکمەکە، شیاوی جێبەجێکردن دەبێت لە هەرێمی ئەو دەوڵەتانەی پەسەندیان کردیە لەسەر ڕێکەوتننەکە، ملکەچی چاودێری دادگا ناوخۆییەکانی دەوڵەت نابێت (تعیلب، ٢٠١٥، لاپەرە٦٢).

ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی ١٩٦٥ کۆمەڵێک ماددەی لەخۆگرتووە، کە بایەخێکی زۆریان هەیە، لە بواری جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی نێودەوڵەتی، بەپێی ئەم ماددانە سیستەمێکی سەربەخۆ و ئاسانکراوی دانراوە، سەبارەت بە دانپێدانان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمەوە، کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان دەرچوونە، لە پێشەوەی ئەو ماددانەدا، ماددەی ١/٥٤ دێت، کە تێیدا ڕێکەوتننامەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر کارایی نێودەوڵەتی بۆ حوکمەکانی تەحکیم، بەوەی لە دەقی ئەم ماددەیەدا هاتووە: ((هەر دەوڵەتێک پەسەندی لەسەر ڕێکەوتننامەکە کردووە، داندەنێت بەو حوکمەی دەرچووە لەسەر بنەمای حوکمەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە، هەروەها دەستەبەری جێبەجێکردنی پابەندییە داراییەکان دەکات، کە حوکمەکە دەیسەپێنێت، وەک ئەوەی حوکمەکە حوکمێکی کۆتایی بێت و لە دادگایەکی ناوەخۆییەوە دەرچووبێت)). ئەم دەقە لە دیدگای هەندێک لە یاساناسان بە گرنگترینی ئەو دەقانە دادەنرێت، کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، بەوەی حوکمی تەحکیمی بیانی گرتۆتەوە بە تایبەتمەندی جێبەجێبوونی ڕاستەوخۆ لە ناوەوەی دەوڵەتی جێبەجێکار، بەبێ ئەوەی پێویست بە سەپاندنی هیچ چاودێرییەکی دادوەری ببێت. ئەم هەڵوێستە کە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بۆ ساڵی ١٩٦٥ گرتوویەتیەبەر، گوزارشتە لە گەشەیەکی بێپێشینە، بە بەراورد بە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانی دیکە. کە پرسەکانی تەحکیم ڕێکدەخەن، بەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە شێوازی پێداچوونەوەی ناوخۆیی بە بنەما کردووە، ماددەی ٥٢ لە ڕێکەوتننامەکە کۆمەڵێک حاڵەتی دیاریکردووە، هەر کاتێک یەکێکیان هاتەدی، ئەوا بۆ هەر

یەکێک لە لایەنەکان دروستە داوایەکی نووسراو بۆ سکرتێری گشتیی ناوەندی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان پێشکەش بکات، بۆ ڕەتکردنەوەی حوکمەکە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات بە پەنابردنەبەر دادگای نیشتیمانی بۆ سەپاندنی چاودێرییەکە بەسەر ئەم حاڵەتانەدا.

هەروەک ڕێککەوتننامەی واشنتن بۆ ساڵی ١٩٦٥ چەند هەنگاوێکی گرنگی لە بواری پابەندێتی (ئیلزامییەتی) حوکمی تەحکیمەوە هاویشتووە، بەوەی ماددەی ١/٥٣ لەم ڕێکەوتننامەیە ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە حوکمی تەحکیم پابەندکەرە بۆ لایەنەکان، شیاوی تانە نییە بە هیچ ڕێگە و شێوەیەک، جگە لەو حاڵەتانەی لە ماددەی ٥٢ ڕێککەوتننامەکەدا هاتوون.

دوای ئەو زانیارییانەی لەسەرەوە باسمانکرد سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، لە خوارەوە چەند لایەنێکی گرنگی ڕێکەوتننامەکە ڕووندەکەینەوە، کە پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە لەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنانەوە ICSID دەردەچێت: ئەو لایەنەی ئارەزوو دەکات فەرمانی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم بەدەست بهێنێت کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنانەوە ICSID دەردەچێت، و لەسەر خاکی یەکێک لە دەوڵەتە ئەندامەکان لەم ڕێکەوتننامەیە جێبەجێی بکات، ئەوا پێویستە لەسەری وێنەی ڕەسەنی حوکمی تەحکیمییەکە، کە لەلایەن سکرتێری گشتیەوە پەسەندکرابێت، پێشکەش بە دادگای نیشتیمانیی تایبەتمەند بکات، یان پێشکەشی هەر دەسەڵاتێکی دیکەی تایبەتمەند بکات، کە دەوڵەتی جێبەجێکار بۆ ئەم مەبەستە دیاری بکات. لەسەر هەر دەوڵەتێکی ئەندام پێویستە سکرتێری گشتی ئاگادار بکاتەوە لە دادگای تایبەتمەند بە جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم، یان ئەو لایەنانەی دیاری دەکات بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها ئاگاداری بکاتەوە لە هەر گۆڕانکارییەک کە لەم بارەوە ڕوویدات.

ئەو حوکمەی تەحکیم کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنانەوە ICSID دەردەچێت، جێبەجێ دەکرێت بەپێی یاساکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکان لەو دەوڵەتەی، کە پێویستە حوکمی تەحکیمەکە لە هەرێمەکەیدا جێبەجێ بکرێت. واتە ئەو دەوڵەتەی داوای جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیم دەکرێت لە هەرێمەکەیدا، نابێت مەرجی توندتر یان ڕسوماتی بەرزتر بسەپێنێت، لەوەی لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی نیشتیمانی دەیسەپێنێت.

ئەرکی دادگای نیشتیمانی یان هەر دەسەڵاتێکی دیکە کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتنەکەدا دیاری دەکرێت وەک لایەنی تایبەتمەند بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمەکە، لەو قۆناغەدا ئەرکەکەی کورت دەبێتەوە لە لێکۆڵینەوە لە ڕاست و دروستی واژووی سکرتێری گشتی ناوەندەکە لەسەر حوکمی تەحکیمەکە، جا ئەگەر حوکمی تەحکیمەکە ئەم شێوەیەی تێدا هاتەدی، لەلایەن دادگا یان لایەنی تایبەتمەند بە جێبەجێکردن دانرا، ئەوا حوکمەکە پێویست دەبێت جێبەجێ بکرێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیچ ڕێکارێکی دیکە هەبێت لەلایەن لایەنەکانەوە (تعیلب، ٢٠١٥، لاپەرە ٦٣).

بەم پێیە، ئەو ڕۆڵەی دادگا نیشتیمانییەکان دەیگێڕن لەم قۆناغەدا، بە چاودێرییەکی شێوەیی دادەنرێت، ئامانج لێی کاراکردنی ڕۆڵی حوکمەکانە، بەوەی داوای دانانی شێوەی جێبەجێکردن بۆ حوکمی تەحکیمی پێشکەش دەکرێت بۆ دادگایەکی تایبەتمەند لەو دەوڵەتەی تێیدا جێبەجێ دەکرێت، یان پێشکەش دەکرێت بۆ هەر دەسەڵاتێکی دیکە، کە بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکرێت، هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەکی ڕەسەن لە حوکمی تەحکیمی پەسەندکراو لەلایەن سکرتێری گشتیی ناوەندەکەوە، ئەوەی داواکارییەکە پێشکەش دەکات، لەسەری پێویست نییە هیچ پەڕاو یان بەڵگەنامەیەکی دیکە پێشکەش بکات، بۆ نموونە پێویست ناکات وێنەیەکی ڕێکەوتنی تەحکیمەکە پێشکەشبکات، ئەمەش شتێکی لۆژیکییە، چونکە تەحکیمەکە لە چوارچێوەی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان ئەنجام دراوە، ئەم تەحکیمە ئەنجام نادرێت بەبێ ڕێکەوتنی تەحکیم. هەروەک پەسەندکرانی لەلایەن سکرتێری گشتیی ناوەندەکەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی تەحکیم بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئەنجام دراون، بەو حوکمەی تەحکیمیەشەوە کە لە ناوەندی ICSID دەرچووە، بۆیە دادگای پسپۆڕ و تایبەتمەند بە دانانی شێوەی جێبەجێکردنەکە هیچ چاودێرییەکی بابەتی لەسەر حوکمی تەحکیمەکە دانانێ کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنانەوە ICSID دەرچووە، بەڵکو ڕۆڵی کورت دەبێتەوە لەسەر جەختکردنەوە لەسەر ڕاست و دروستیی حوکمی تەحکیمی ناوەندەکە و پەسەندکرانی لەلایەن سکرتێری گشتییەوە.

لە دوای دانانی شێوەی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی، ئەوا ئەمە دەبێتە سەنەد و بەڵگەیەکی جێبەجێکاری، کە دروستە جێبەجێ بکرێت بەشێوەیەکی ناچاری، ئەمەش وەک هەر سەنەدێکی دیکەی جێبەجێکاری، وەک حوکمە دادوەرییەکان، هەروەها لە دەوڵەتەکان بەپێی هەمان ڕێکارەکان جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم: ڕەتکردنەوەی حوکمی تەحکیمی یان وەستاندنی جێبەجێکردنی بەپێی ڕێککەوتننامەی واشنتن بۆ ساڵی ١٩٦٥**

ماددەی ٥٢ لە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بۆ ساڵی ١٩٦٥ بە دەق ئاماژەی بەو هۆکارانە کراوە، کە ماف دەبەخشێت بە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی تەحکیم، بەوەی بە شێوەی نووسین داوا لە سکرتێری گشتی ناوەندەکە بکات، بۆ ڕەتکردنەوەی حوکمی تەحکیم یان وەستاندنی جێبەجێکردنی، بەپێی یەکێک لەم هۆکارانەی خوارەوە:

1- کەموکورتییەک لە پێکهێنانی دەستەی تەحکیم.

2- دەستەی تەحکیم بە شێوەیەکی تێبینیکراو دەسەڵاتەکانی ببەزێنێت.

3- ناشایستەیی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی تەحکیم.

4- پابەندنەبوونی بە هەر یەکێک لە بنەما ڕێکارییەکان.

5- شکستهێنانی دادگای تەحکیمی لە باسکردنی ئەو هۆکارانەی حوکمە تەحکیمیەکەی لەسەر دامەزراوە.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕێکەوتننامەکە بێدەنگیی هەڵبژاردووە لە هەر ئاماژەیەک سەبارەت بە وەلاتانی پەیرەوی گشتی، چونکە دەکرێت وروژاندنی ئەم وەلاتانە ببێتە هۆی دارمانی حوکمی تەحکیم لە ناکۆکییەکانی وەبەرهێناندا لە نێوان دەوڵەتان و وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە دەوڵەتانی دیکە (علي، ٢٠٠٤، لاپەرە٤٧٨). دەوڵەتە ئەندامەکان پابەندن بە جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە حوکمی تەحکیمی، کە لەلایەن ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنانەوە ICSID دەردەچێت، ئەگەرنا ئەمە بە پێشێلکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی ١٩٦٥ دادەنرێت.

لە کۆتاییدا، دەکرێ بوترێت هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵی لەو ڕۆڵە گەورەیە بکات، کە (ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی ١٩٦٥) دەیگێڕێت، لە بواری جێبەجێکردنی حوکمە تەحکیمیە بیانییەکان، بەوەی چەندین هەنگاوی گرنگی ناوە لە بواری پابەندێتیی حوکمی تەحکیم، لە میانەی ئەو شێوازەی کە ئەم ڕێکەوتننامەیە دایهێناوە بە بەخشینی هێزی جێبەجێبوونی ڕاستەوخۆ بە حوکمی تەحکیم، بەو پێیەی حوکمێکی کۆتاییە، ناکرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت لەبەردەم دادگا نیشتیمانییەکان، هەروەها شیاوی جێبەجێکردنە لە هەرێمی ئەو دەوڵەتانەی چوونەتە ناو ڕێکەوتنەکەوە.

هەروەک ئەم ڕێکەوتننامەیە جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی حوکمە تەحکیمییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییەوە کاران، لە میانەی دانانی سیستەمێکی بێ هاوتا و ئاسانکراو، سەبارەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیم. ئەم ڕێکەوتننامەیە بەرهەمدار بوو، ئەمەش لەبەر سەرکەوتنی لە دەستەبەرکردنی پارێزبەندی نێودەوڵەتی بۆ حوکمە تەحکیمییەکان، کە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنەکەدا دەردەچن، هەروەها پێداگر بوون لەسەر پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی وەبەرهێنەرە بیانییەکان.

سەربارى پێداگری ڕێکەوتنەکە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ حوکمی تەحکیمی هاوشێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ حوکمی کۆتایی دادوەری، کە لەلایەن دادگای دەوڵەتانی ئەندامەوە دەردەچێت. بەوەی حوکمەکە بەهەمان ئەو ڕێگە و ڕێوشوێنە ناچاریانە جێبەجێ بکرێت، کە حوکمە دادوەرییەکانی پێ جێبەجێ دەکرێن.

لەم بارەوە، هەندێک لە یاسازانەکان بۆچوونیان وایە (الورفلي، ٢٠٠٩، لاپەرە١٦١): ((ئەو دەستەبەری و زەمانەتەی پێشکەش کراوە لە میانەی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنەوە، لە واقیعدا جۆرێک لە دادپەروەری تایبەتی پێک دەهێنێت، سەبارەت بە وەبەرهێنانی بیانی، کە هەوڵ دەدات گونجاندن بکات لە نێوان مافی دەوڵەتان، کە لە پەرەسەندن دایە بەرەو وەلامدانەوەی پێداویستییەکان لە وەبەرهێنانی بیانی، هەروەها لەگەڵ مافی دەوڵەتانی پیشەسازی لە دادگەری و بەدەستخستنی دەستەبەری ڕاستەقینە بۆ وەبەرهێنانەکانی)).

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشتردا خرایەڕوو، دەکرێت بوترێت سیستەمی دانپێدانان بە حوکمەکانی تەحکیم و جێبەجێکردنی، کە (ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی١٩٦٥) هێناویەتی، بە هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتوو دادەنرێت، بەرەو دەستەبەرکردنی کارایی حوکمەکانی تەحکیم لە میانەی ئاسانکردنی ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی، بە بەراورد بەو سیستەمەی ڕێکەوتننامەی

نیۆیۆرک بۆ ساڵی ١٩٥٨ هێناویەتی، هەروەک لە هەمان کاتدا بە قۆناغێکی پێشکەوتوو دادەنرێت لە چوارچێوەی هەوڵدانی چڕ و بەردەوام لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ یەکخستنی مامەڵە دادوەرییەکانی پەیوەست بە حوکمە تەحکیمییەکان.

## ئەنجامی توێژینەوە

١/ چەندین ڕێکەوتننامەی هەرێمی هەن، کە بایەخ بە پرسی جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی دەدەن، ڕێکەوتننامەی عەممانی عەرەبی بە نوێترین و هەمەلایەنترین ڕێکەوتننامە دادەنرێت، بەڵام سەبارەت بە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەوا ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک بە گرنگترین و هەمەلایەنترین ڕێکەوتننامە دادەنرێت سەبارەت بە حوکمەکانی، هەروەها لە ڕووی ئەو دەوڵەتانەشەوە کە تیایدا ئەندامن.

٢/ ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک پێداگرە لەسەر کورتهەڵهێنانی حاڵەتەکانی جێبەجێنەکردنی حوکمەکانی موحەکەمین لە بەرتەسکترین چوارچێوەدا کە شیاوی بوون بێت، دەشمانگەیەنێت بەوەی کە گرنگترین ئەوەی لەم ڕێکەوتننامەیەدا باس دەکرێت ئەوەیە، کە ڕێگەیداوە بە هەموو ئەو ئاسانکارییانەی پێشکەشدەکرێن لەلایەن یاسای دەوڵەتان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، دەربارەی جێبەجێکردنی حوکمەکانی موحەکەمینی بیانی، بەمەش گەشە و بەردەوامی بۆ حوکمەکانی دەستەبەرکردووە لەگەڵ تێپەڕینی کات.

٣/ ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک حوکمەکانی موحەکەمەکانی ملکەچکردووە بۆ چاودێری دادوەریی نیشتمانی لە دەوڵەتی جێبەجێکردندا، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی بە چاوی وشیار بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکانی سەیری ئەو حوکمانە بکرێت، واتە هێشتا زۆربەی دەوڵەتان بەمەرجیان داناوە، کە حوکمەکان دەبێت فەرمانی دەسەڵاتی تایبەت بەدەستبهێنن، کە دەکرێت بە ناچاری حوکمەکانی پێ جێبەجێ بکرێت لە دەوڵەتەکەدا.

٤/ ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی ١٩٦٥ سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان، بیرۆکەیەکی ناوازەی هێناوە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی، ئەویش تایبەتمەندیی جێبەجێبوونی ڕاستەوخۆی حوکمی تەحکیمی بیانییە لەناو دەوڵەتی جێبەجێکردن، وەک ئەوەی حوکمی تەحکیمەکە حوکمێکی نیشتمانی بێت، ئەمەش وا دەکات ڕێگەبگیرێت لە پێداچوونەوەی ڕووکاری بۆ ئەو حوکمە لەلایەن دادوەری نیشتمانی لە دەوڵەتەکەدا، چونکە ئەمەی کۆتایی هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی بیانی وەک ئەوەی حوکمەکە لەلایەن دادگا نیشتمانییەکانیەوە دەرچووبێت، ئەمەش بە پێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێت لە بواری جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی، ئەمەش تایبەتمەندیی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنە و جیاوازە بە بەراورد بە ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک و ڕیاز و عەممان.

٥/ یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بریتییە لە بەڵگەهێنانەوەی دەوڵەت بە پارێزبەندیی خۆی لە بەرانبەر جێبەجێکردنی حوکمە تەحکیمیەکە، هەر یەکە لە ڕێکەوتننامەکانی ڕیاز و واشنتۆن ئەم پارێزبەندییەیان بە بنەما کردووە، لە میانەی دەقی ڕاشکاو کە بۆ دەوڵەت بە دروست دادەنێت، کە جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی نێودەوڵەتی ڕەدد بکاتەوە، بە پشتبەستن بە پارێزەندییەکەی لە دژی جێبەجێکردن، ئەمەش بە یەکێک لە کەموکورتییەکان دادەنرێت، کە پێویستە نەهێڵرێت.

## ڕاسپاردەکان:

١/ داوا لە یاسادانەری عێراقی و کوردستانی دەکەین یاسای تەحکیمی بازرگانی دەربچوێنن، بەڵام بە پێویستی دەزانین لەگەڵ پسپۆڕانی ئەکادیمیی تایبەتمەند لەم بوارە گەنگەشە بکرێت بەرلەوەی پرۆژەکە پەسەندبکرێت، بۆ ئەوەی تەواو و هەمەلایەن بێت و هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە تەحکیمی بازرگانیی نێودەوڵەتی بە ڕاشکاوی و ڕوونی لەخۆبگرێت، سەرنەکێشێت بۆ شڵەژان لە جێبەجێکردن یان ڕاڤەکردن لەگەڵ ڕەچاوکردنی پشتبەستن بە یاسای نموونەیی تەحکیمی بازرگانیی نێودەوڵەتی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانە دەرچووە لەگەڵ هەموارەکانی، بەوپێیەی ئامانجیەتی ڕێکارەکان و چەمکەکان لە گۆڕەپانی تەحکیمی بازرگانیی نێودەوڵەتی ڕێکبخات.

٢/ پێویستی لە دانانی یاسای عێراقی تایبەت بە تەحکیم، هاوشێوەی یاسا نوێیەکان لەم بوارەدا، سوود وەربگیرێت لە ئەزموونی نێودەوڵەتی لە بواری تەحکیم، بە تایبەت یاسای یونسترال بۆ تەحکیمی بازرگانی، ئەمەش بە دەقی یاسایی گونجاو و نەرم و ئاسان، کە یارمەتیدەر بێت بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی بیانی دوور لە ئاڵۆزکارییەکانی دادوەریی نیشتمانی، هەروەها گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرک بە تایبەت دوای ئەوە عێراق بووەتە ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەوە.

٣/ ئاماژەکردن بە دەقی ڕاشکاو بە گونجاوی سازشکردنی لایەنەکان لە تانەدان بە پوچەڵی لە چوارچێوەی تەحکیمی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە پێناو بەرزکردنەوەی بنەمای دەسەڵاتی ویست لە نێوان لایەنەکان، هەروەک ئەمە یەکدەگرێت لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی کە سیستەمی تەحکیمی بازرگانی لەسەری دەوەستێت. تایبەتمەندییەکانی دەستەبەر دەکات کە خۆی دەبینێتەوە لە بێلایەنی و خێرایی و نێهنی...

٤/ هەمواركردنی دەقەکانی یاسای دادبینییە شارستانییەکانی عێراق، ژمارە (83) بۆ ساڵی (1969) پەیوەست بە تەحکیم، چونکە بە شێوەیەکی ڕەها هاتووە و تیایدا دیارینەکردووە کە کورتهەڵهات بێت لەسەر تەحکیمی ناوخۆیی یان درێژدەبێتەوە بۆ تەحکیمی نێودەوڵەتی.

٥/ سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی تەحکیمی نێودەوڵەتی و لەپێناو دوورخستنەوەی چاودێریی دادوەری لەسەری، پێشنیاز دەکەین دەسەڵاتی جێبەجێکردن بدرێتە دەستەی تەحکیم بە شێوەی ڕاستەوخۆ، واتە ئەو دەستەیە هەڵبستێت بە پێدانی سیفەتی

جێبەجێکاری بە حوکمەکە لە دوای دەرچوونی، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەبدرێت بەو لایەنەی کە حوکمەکە لەدژی ئەو دەرچووە تانە بدات لە حوکمە تەحکیمییەکە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند لەو وڵاتەی داوای جێبەجێکردنی حوکمی تەحکیمی تێدا داوادەکرێت، ئەگەر هاتوو بانگەشەی ئەوەی کرد حوکمە تەحکیمەکە پێچەوانەی پەیرەوی گشتییە یان پووچەڵە لەبەر هەر هۆکارێک.

٦/ پێویستە بایەخ بدرێت بە شێوەی دەربڕین (سیغە)ی گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی کادیرە هونەرییە تایبەتمەندەکان و پابەندییەکانی لایەنە بیانییە گرێبەستکەرەکە لەگەڵ دەوڵەت بە وردی دیاریبکەین، چونکە سەرباری ئەوەی ئەو دارشتنە بەشدارە لە دەستەبەری مافەکانی دەوڵەت، ئەوا لە بەرانبەردا لە حاڵەتەکانی پوچەڵبوونەوەی حوکمی تەحکیم کەمدەکاتەوە لە دوای دەرچوونی لە دەوڵەتی دانپێدانەر یان حاڵەتەکانی ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی لەلایەن ئەو دەوڵەتەی داوای لێکراوە جێبەجێی بکات.

## پەراوێز

حسان نوفل، "**التحكيم في منازعات عقود الاستثمارات الدولية الأجنبية**" (اطروحه دكتوراه، جامعة الجزائر1، 2021) ص302.

علي صباح خضير الجنابي، " **النظام القانوني لأحكام التحكيم التجاري الدولي**" (رسالة ماجستير، جامعة بابل2013)ص181.

اميرة جعفر شريف، **تسوية المنازعات الإستثمارية** (الإسكندرية، دار الجامعة الجديدة 2016)ص136.

عمر مشهور حديثة الجازي، **التحكيم في منازعات عقود الاستثمار**، منشور في مجلة نقابة المحامين في الأردن، العدد التاسع والعاشر، أيلول وتشرين الاول، ٢٠٠٢، ص ٤.

علي صباح خضير الجنابي " **النظام القانوني لأحكام التحكيم التجاري الدولي**" (رسالة ماجستير، جامعة بابل2013)لاپەرە ١٦٩.

. اميرة جعفر شريف، **تسوية المنازعات الإستثمارية** (الإسكندرية، دار الجامعة الجديدة 2016) ١٤٤.

د. عبد الحميد الاحدب، **موسوعة التحكيم**، ص١٦٣٧.

علي صباح خضير الجنابي، " **النظام القانوني لأحكام التحكيم التجاري الدولي**" (رسالة ماجستير، جامعة بابل2013) ١٧٠ – ١٧١.

منسول عبد السلام ، "**قرارات التحكيم التجاري الدولي في التشريع الجزائري**" (رسالة ماجستير، جامعة الجزائر٢٠٠١)ص٨٩.

حسان نوفل، "**التحكيم في منازعات عقود الاستثمارات الدولية الأجنبية**" (اطروحه دكتوراه، جامعة الجزائر1، 2021) ٣٠٤.

د.فوزي محمد سامي، **الاتفاقيات العربية في التحكيم الدولي**، بحث منشور في مجلة العلوم القانونية، تصدر عن كلية القانون جامعة بغداد، المجلد السابع، العدد الاول، ١٩٨٨، ص٢١.

علي صباح خضير الجنابي، " **النظام القانوني لأحكام التحكيم التجاري الدولي**" (رسالة ماجستير، جامعة بابل2013) ١٧٣.

منسول عبد السلام، "**قرارات التحكيم التجاري الدولي في التشريع الجزائري**" (رسالة ماجستير، جامعة الجزائر٢٠٠١)٨٧.

حسان نوفل، "**التحكيم في منازعات عقود الاستثمارات الدولية الأجنبية**" (اطروحه دكتوراه، جامعة الجزائر1، 2021)٣٠٤.

علي صباح خضير الجنابي، " **النظام القانوني لأحكام التحكيم التجاري الدولي**" (رسالة ماجستير، جامعة بابل2013) ١٧٥-١٧٦.

الهام عزام وحيد الخراز، "**التحكيم التجاري الدولي في إطار منهج التنازع**" (رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية٢٠٠٩)ص71.

بشير عبد الهادي موسى التميمي، " **الآثار القانونية لقرار التحكيم التجاري الدولي**" (رسالة ماجستير، الجامعة المستنصرية2014)ص176.

منسول عبد السلام، **قرارات التحكيم التجاري الدولي في التشريع الجزائري**" (رسالة ماجستير، جامعة الجزائر٢٠٠١) ص٨٨.

حسان نوفل، **التحكيم في منازعات عقود الاستثمارات الدولية الأجنبية**" (اطروحه دكتوراه، جامعة الجزائر1، 2021) ٣٠٨.

عصام الدين القصبي، **النفاذ الدولي لأحكام التحكيم** (مصر، دار النهضة العربية٢٠٠٦)٦٥.

أحمد هندي، **تنفيذ أحكام المحكمين، الأمر بتنفيذ أحكام المحكمين الوطنية والأجنبية، في ضوء قانون المرافعات وقانون التحكيم رقم 27 لسنة 1994 واتفاقية نيويورك** (مصر، دار الجامعة الجديدة للنشر2001)ص27.

عاشور مبروك، **الوسيط في النظام القانوني لتنفيذ أحكام التحكيم** (دار النهضة العربية٢٠٠٦) ٢٩٥.

وئام نجاح ابراهيم السيد تعليب، **النفاذ الدولي لأحكام التحكيم** (مصر، دار النهضة العربية2015)ص335.
فوزي محمد سامي (پ٤٨) ٥٣.

: اميرة جعفر شريف، **تسوية المنازعات الإستثمارية**، (الإسكندرية، دار الجامعة الجديدة٢٠١٦)ص١٢٣.
ازاد شكور صالح، **الاستثمار الأجنبي** (مصر، دار الكتب القانونية 2011) ص.137

نبيل زيد سليمان، **تنفيذ أحكام التحكيم الأجنبية** (القاهرة، دار النهضة العربية 2006) ص١٣٠.

أنظر: وئام نجاح إبراهيم السيد تعيلب، **النفاذ الدولي لأحكام التحكيم** (مصر، دار النهضة العربية2015)٦٢.

وئام نجاح إبراهيم السيد تعليب، **النفاذ الدولي لأحكام التحكيم** (مصر، دار النهضة العربية2015)٦٣.

غسان علي علي، "**الإستثمارات الأجنبية ودور التحكيم في تسوية المنازعات التي قد تثور بصددها**" (اطروحه دكتوراه، كلية الحقوق، جامعة عين شمس، 2004) ص478.

جمال عمران إغنية الورفلي، "**تنفيذ أحكام التحكيم التجاري الأجنبية في القانون الليبي والأردني والإماراتي** (دار النهضة العربية٢٠٠٩)١٦١.

**الملخص**

**نتناول في هذا البحث تطبيق التحكيم الدولي في العراق وفق الاتفاقيات الدولية، ونناقش اهم الاتفاقيات التي صادق عليها العراق، الى أي مدى تنشئ هذه الاتفاقيات التزامات لتنفيذ التحكيم الدولي في العراق، وقد بينا شروطها وشروطها طرق تنفيذ أوامر التحكيم والحالات التي لا يجوز فيها تنفيذ أوامر التحكيم الدولية في العراق. من أهم احتياجات عصر العولمة هو الاعتراف بالقواعد الدولية الملزمة والعمل على تنفيذها، حيث أن عدم الاعتراف يتعارض مع الحاجة إلى المعاملات التجارية الدولية، لأنه يخلق عوائق ويعيق تطور العلاقات التجارية والاقتصادية. تنقسم هذه الورقة إلى قسمين، الجزء الأول يناقش الاتفاقيات الإقليمية التي يعتبر العراق عضوا فيها، والجزء الثاني يناقش تطبيق قاعدة الدمج وفق الاتفاقيات الدولية.**